بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

# یادنامە

YADNAMA

سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)

سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات

Amsterdam

Holland

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە

ژمارە 12 15 Februari 2020 15 ی شوباتی 2020

# دەمانویست ژیانێکی ئازاد و ئایندەیەکی باشتر و پڕکەرامەت بۆ گەلەکەمان بەدیبێنن، نەک تاڵانکردنی سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی

## ڕۆژی دایک



بەیار عومەر عەبدوڵا

دایە گیان نەمزانی بوو کە ڕۆژێک هەیە بە ناوی ڕۆژی دایکەوە، کە زانیم حەزمکرد ئەمەت بۆ بنوسم.

ساڵی ١٩٨٩، دوای ئەنفال، کە توشی شێرپەنجە بویت و گەڕایتەوە بۆ لای خودای گەورە، تەمەنم (٥ ساڵان) بو لە شاخەکانی کوردستان، لە دێی قاسمە ڕەش، باوکم پێشمەرگە بو و تۆش پێشمەرگەی ژن.

ئێستا تەمەنم (٣٥ ساڵ)ە، تەنها (٥ ساڵ)ی لەگەڵ تۆدا بووم، (٣٠ ساڵ) وەکەی تری تەمەنم بە تەنهایی و بێ تۆ بردەسەر. بەبێ خوشک و برا. بەڵام هەمو گەلەکەم بە خوشک و برای خۆم ئەزانم.

ئێستا تەنها شتێک کە ئازارم ئەدات ئەوەیە کە هاوشێوەی تۆ، چەندین ژن و پیاوی نیشتیمانپەروەر و خۆنەویست، ژیانی شار و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانیان جێهێشت و ڕوویانکردە شاخ و بوون بە پێشمەرگە، مەبەستیان بوو، کە ژیانێکی ئازاد و ئایندەیەکی باشتر و پڕکەرامەت بۆ گەلەکەیان بەدیبێنن، بەڵام بەداخەوە نەیانزانی ئەو وڵاتەی کە ژیان و گەنجێتی خۆیان کردە قوربانیی بۆ ئازادبونی، سەرەنجام ئەبێت بە وڵاتی کۆمەڵێک گرووپی مافیایی، کە کوردایەتی و پێشمەرگایەتی ئەکەن بە بیانو بۆ و بەدەستهێنانی حکومی بنەماڵەیی هەتاهەتایی.

وێنەکە؛ خۆم و دایکی کۆچکردوم لە شاخ

## لەجێی سندان قوزەڵقورتە لـــــەجێی مستیش پێلەقە

دە وەڵامی بەجێ .....

1– گەنجێکی دەوڵەمەند بە گاڵتەپێکردنەوە بە کرێکارێکی شارەوانی گووت: "زبڵ کیلۆی بەچەندە؟ "

کرێکارەکەش گوتی: سەرەتا تۆ تامی بکە لەسەر نەرخەکەی ڕێک دەکەوین.

2– مامۆستایەک بە قوتابیەکانی گووت: ئەزانن ناپلیۆن لە تەمەنی ئێوەدا زیرەکترین قوتابی بوو...!!

قوتابیەکیش گووتی: بەڵێ مامۆستا، بەڵام ناپلیۆنیش لە تەمەنی تۆدا ئیمپراتۆر بوو..

3– پیاوێکی پیر پشتی چەمابووەوە و بە ڕێگادا دەڕۆیشت، گەنجێک پێی گووت: مامە ئەو کەوانەی پشتت بەچەند ئەفرۆشی؟

پیاوەکەش گووتی: گەر خودا تەمەنت درێژ بکات، بەخۆڕای بەدەستی دێنیت..!؟

4– فاڵگرەوەیەک بە پیاوێکی گووت: دەزانم لە داهاتودا چیت بەسەر دێت!؟

پیاوەکەش گووتی: چیم بەسەر دێت؟

ئەویش پێی گووت: سەرەتا دوو دەرهەمم پێ بدە، ئینجا پێتی دەڵێم، پیاوەکەش گووتی: ئەگەر ڕاستت بکردایە، دەتزانی من تەنیا درهەمێکم پێیە....؟!!

5– دووکەس قسەیان دەکرد، کەسێک لەدوورەوە هات، گووت: نازانم باسی چی دەکەن؟ بەڵام دڵنیام ئەوەی باسی دەکەن درۆیە.

کەسەکەش گووتی: بەچاکە باسی تۆ دەکەین.

6– خانمێکی قەڵەو سواری پاسێک بوو، یەکێک لە سەرنشینەکان گووتی: نەمزانی فیلیش سواری پاس دەبێت.

خانمەکەش بە هێمنی گووتی: نەخێر بەڕێزم، ئەم پاسە وەک کەشتی نوح وایە، هەم فیلش سوار دەبێ و هەم کەریش سواری ئەبێ...؟!!

7 –ئافرەتێک بە مێردە نابیناکەی گووت: ئەگەر جوانیەکەی منت ببینیایە سەرسام دەبویت.

پیاوەکەش گووتی: ئەگەر جوان بای چاو ساغەکان بۆمنیان نەدەهێڵایەوە....!؟

8– کوڕێک بە پیاوێکی گووت: گومان دەکەم تۆ گەمژە بیت، پیاوەکەش گووتی: تەنیا گەمژەکان کار بە گومان دەکەن...!!؟

9– ژنێکی زۆر ناشرین بە پیاوێکی گووت: ئەگەر هاوسەری من بویتایە، ئەوە ژەهرم ئەکردە ناو قاوەکەتەوە.

ئەویش لەسەرخۆ گووتی: ئەگەر تۆش ژنی من بویتایە، یەکسەر دەمخواردەوە...!

10–شێتێک گوێدرێژێکی پێ بوو، گەنجێک پێی گووت: ئەی شێت، بە گوێدرێژەکە تۆم ناسیەوە، شێتەکەش پێی گووت: دەی گوێدرێژەکان باشتر یەکتر دەناسنەوە..!!

# تاقیگەکانی سویسرا پشتڕاستیان کردەوە تورکیا بۆمبی فۆسفۆری سپی لە ڕۆژئاوا بەکارهێناوە

خۆبەڕێوەبەری باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە پشتبەستن بە ئەنجامی تاقیگەیەکی سوسری ئاشکرایکرد، ئەنقەرە بۆمبی فۆسفۆڕی لە سوریا بەکارهێناوە.



ئیدارەی خۆبەڕیوەبەری ئەنجامی شیکارییەکی تاقیگەیەکی سویسرای لە پاریس ئاشکرا کرد، کە پشتڕاستی دەکاتەوە، سوپای تورکیا بۆمبی فۆسفۆڕی سپی لە هێرشی باکوری سوریا لە مانگی ١٠ی ٢٠١٩ بەکارهێناوە.تاقیگەی ویسلینگی سویسری بڕێکی زۆر مادەی فسفۆڕی سپی لەو سامپڵانەندا ئاشکرا کردووە، کە لە پێستی شەڕڤان و برینداەکان وەریگرتبوو. بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە تاقیگەکە بە زمانی ئینگلیزی بڵاویکردووەتەوە، جۆری برینداری قوربانیەکانی بە سوتانی کیمیایی وەسف کردووە، کە بەشێکی زۆر مادسەی فۆسفۆڕی سپی تێدا بەکارهێنراوە.


بە گوتەی عەباس مەنسوران کە چارەسەری قوربانییەکانی هێرشەکانی تورکیای کردووە، بەشێک لە سوتاوی برینەکان نائاسایی بووە کە بە چەکی ئاسایی ئەوە ڕوونادات.

لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە پاریس، نوری مەحمود وتەبێژی یەپەگە و خالید عیسا نوێنەری پەیەدە ڕایانگەیاند، زۆربەی قوربانییەکان هاوڵاتی مەدەنین، هەروەها ئاسەواری کیمیایی بەسەر جەستەیانەوە دۆزراوەتەوە.

لە مانگی ١٠ی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، پەیەدە تورکیای تۆمەتبار کرد بە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی ناپاڵم و فۆسفۆڕی سپی لە هێرشەکانیدا.




# بـــــەراوردێکی سەیر لە نێوان کوشتنی دوو سەرۆکی ئەمریکادا



ئەبراهام لینکۆڵن و جۆن کێنەدی دوو سەرۆکی مێژوویی ئەمریکان و هەردووکیان کوژران بەڵام کوشتنیی ئەم دوو سەرۆکە لە دوو کات و مێژووی جیاوازدا هەموانی تووشی سەرسورمان کردووە بەوەی نزیکییەکی سەیر لە ڕێکەوتی خۆ هەڵبژاردن و سەرۆکایەتیان و کارکردن و تەنانەت بەر لە کوشتن و پاش کوشتنەکەشیاندا هەیە.

– لینکۆڵن هەڵبژێردرا بۆ کۆنگریسی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٤٦
– کێنەدی هەڵبژێردرا بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٦
– لینکۆڵن هەڵبژێردرا وەک سەرۆک لە ساڵی ١٨٦٠
– کێنەدی هەڵبژێردرا وەک سەرۆک لە ساڵی ١٩٦٠
–هەردووکیان زۆر گرنگیان بە مافەکانی خەڵکی مەدەنی دەدا
–ژنی هەردووکیان مناڵێکیان لێ ون بوو کاتێک لە کۆشکی سپی هاتنە دەرەوە
– هەردوو سەرۆک، لە ڕۆژی هەینی کوژران
– هەردووکیان گوللە بەسەر سەریان کەوت.
– سکرتێرەکەی لینکۆڵن ناوی کێنەدی بوو.
– سکرتێرەکەی کێنەدی ناوی لینکۆڵن بوو.
–بکوژی هەردووکیان هاوڵاتی ئەمریکای باشور بوون.
– جێگرەوەی هەردوو سەرۆکەکە ناوی جۆنسن بوو کە باشوری بوو.
– ئەندرو جۆنسن جێگای لینکۆڵنی گرتەوە کە لە دایکبووی ١٨٠٨بوو.
–ئەندرو جۆنسن جێگای کێنەدی گرتەوە لەدایکبووی ١٩٠٨ بوو.
– جۆن ویڵکز بوس کە بکوژی لینکۆڵن بوو لە دایکبووی ١٨٣٩ بوو.
– لی هارڤی ئۆسواڵد کە بکوژی کێنەدی بوو لە دایکبووی ١٩٣٩ بوو.
– هەردوو بکوژەکە کورتکراوەی ناویان نەبوو، بە هەرسێ ناوەکە. بانگهێشتدەکران.
– ناوی هەردوو بکوژەکە لە ١٥ پیت پێکهاتووە.

هێشتا ماوە !

– لینکۆڵن لە سینەمایەک کوژرا ناوی 'فۆرد' بوو
– کێنەدی لە ئۆتۆمبێلێک کوژرا ناوی 'لینکۆڵن' بوو وە دروستکراوی کۆمپانیای 'فۆرد' بوو.
– بوس و ئۆسواڵد هەردوو بکوژەکە پێش دادگاییکردنیان کوژران


نهێنی سەیرتر ماوە

– لینکۆڵن بە هەفتەیەک پێش ئەوەی بکوژرێت لە ناوچەی مۆنرۆ مارلیلاند بوو.
– کێنەدی بە هەفتەیەک پێش ئەوەی بکوژرێت لەگەڵ مارلین مۆنرۆ بوو، لە هەمووی سەیرتر:
– لینکۆڵن لە سینەمادا کوژرا و بکوژەکە ڕایکرد بۆ کارگەیەک.
– کێنەدی لە کارگەیەکەوە تەقەی لێکرا و بکوژەکە ڕایکرد بۆ سینەما.

# ئەم سەربازە ئەڵمانییە لەسەر ئەم منداڵە بەجێماوە لە سێدارە دراوە



ئەمە وێنەی سەربازێکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتە، کە بۆ منداڵێکی بەجێماو لە بنەماڵەکەی، تەلە دڕکاوییەکەی دیواری بەرلینیی بەرز کردەوە و مانادڵەکەی رزگارکرد، بەم هۆیەوە ئەم سەربازە بە تۆمەتی خیانەت بە وڵات ئیعدام کرا. لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی ئەم سەربازەدا نووسراوە،هەندێک کات مرۆڤ بوون تاوانێکی گەورەیە، ئێستا دەزانم لە بەر یارمەتیدانی منداڵێکی بێ تاوان، کە بۆتە گەمەی دەستی جەنک و ڕق، بەیانی پێش ڕۆژهەڵاتن ئەمدەن لە دار. دەزانم کە مرۆڤایەتی هیچکات نامرێت، بەڵام بزانن هەندێک جار مرۆڤ وبون گوناحێکی گەورەیە. پاش چەندین ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا پەیکەری ئەم سەربازە لە ٧٠ وڵات دروستکراوە و ٣١٧ شەقام لە دنیادا بە ناوی ئەم مرۆڤە گەورەیەوە ناونران و ئەو منداڵەش بووە دامەزرێنەری یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوەکانی خێرخوازی لە وڵاتی ئەڵمانیادا.




# چەند جوان بوو لەعەینەکەکەی تۆوە دنیا



چەن جوانبوو لەعەینەکەکەی تۆوە دنیا
چەن زوو شکا
چەن ڕوونبوو لە ئەستێرەکەی تۆوە ئاسۆ
چەن زوو کشا

چەن مەردبوو قەڵەمەکەت
مەرەکەبی پێش خوێنت ڕژا

چەن بەریئبوو پاڵتۆکەت
بەس ئەو گورگی تیا مەڵاس نەدرابوو
چەن زوو لەسەر شانت خزا


چەن سواربوو شاسواری من
نەفرەت لە ئەسپی زەمانە چەن زوو گلا

چەن ناسوارن هاوڕێکانی
چونکە لە ئەسپ نازانن
بە سیعری کەر
دایان بەسەر پشتی گەلا

چەن سوێرە نمەک
هەرچی نانی لەگەڵ تۆ خوارد
لە ئێمە بوو بە ئەژدیها
چەن دێزە بەختی کورد
دز بەقەت نوحە عومری
نادز بەقەت عیسا ژیا
دوێنێت باش هاوڕێ ئەمڕۆت ڕەش
ئازادییش هەر لەشیعرا جوانە
ئەڵێ ی عیشقە
پڕە لە جەورو جەفا

**پەیکار عوسمان**

# شەڕی بایۆلۆجی و ڤایرۆسی کورۆنا و جەنگی ئابوری ئەمریکا و چین




## بەختیار شارەزوری و سەرکەوتی جیهاز

شەڕی بایۆلۆجی کە بەشەڕی (ئەتۆمی کەم خەرجی ) ناسراوە، یەکێکە لە شەڕە قورس و وێرانکەرەکانی مرۆیی دەژمرێت ، کە پێویستی بە تێچونی زۆر نیە دەتوانرێ بە ئاسانی لە ڕێگەی چاندن یان بڵاوکردنەوەی بڵاو بێتەوە ، کە دەکرێت لە ڕێگەی چەکی بایلۆجی یان چاندنی لە گیاندارااندا یان بە بڵاوەکردنی ڕوبدات ، ئەوەی جێ ی باسەکەمانە ئەگەری جەنگی بایۆلۆجیە نەک شیکاری هۆی نەخۆشیەکە لە ڕوی تەندروستیەوە ، ئەم بابەتە تایبەتە بەو دکتۆرانەی بواری بایۆلۆجی، ئەوەی ڕو دەدات کە پێ ی دەڵێن جەنگی بایۆلۆجی کەمترین قسە و باسی لەسەرە و ئاسانترین جەنگ و قڕکردنی مرۆڤ لە ئەتۆمی گەورەتر دەبێت و تێچۆی و گواستنەوەی ئاسانترە ، دەکرێت دوو وڵات ململانێ ی یەکتر بکەن بە شێوەیەکی نهێنی ئەم جەنگە ببێت یان دەکرێت لەشەڕی گەرمدا لە ڕێ ی کڵاوەی ساروخەوە بنێرێت ، ئەم جۆرە جەنگە لە مێژودا کەم بوە ، بەڵام ترسناکترین جۆری جەنگە .


ئەوەی کاری ئەم نوسینەیە قسەکردنە لەسەر ململانێ جیهانیەکان و ئەگەری دەستبردن بۆ جەنگی بایۆلۆجی ، ئەوە ڕونە چین لەشەری ئابوری نەرمدا چۆن توانیویەتی زۆرێک لە بازاڕەکانی جیهان داگیر بکات و بەخێرایەکی گەورە بەرە و ئەوە دەچێت کە کۆی وڵاتانی دنیا کۆنترۆڵ بکات تا ئەو ئاستەی ئیتر شتێک نامێنێ بە ناوی ململانێ ی ئابورییەوە لە نێوان وڵاتە پیشەسازیە گەورەکان ، بەڵکو دەبێت لە پشتی چینەوە ئەم ململانێیانە بمێنێتەوە تەواو بە بچوکی ، هەر بۆیە بۆ ڕیگەگرتن لە (پرۆژەی هواوی و ڕێگەی ئاورشمی ) هەمو جەمسەر و دژەکان لەسەر مێزی ترسی هاوبەش کۆبونەتەوە ، ئەوەی دەبینین ئێستا چی ئەمریکا و چی ئەوروپا و چی ڕوسیا کە پێشتر ململانێ ی سیاسی و ئابوریان هەبو هەمویان چونەتە بەردەم ڕێگای بەرژەوەندی هاوبەش و ترسی هاوبەش، بەڵام ئەم شەڕانەی ئێستە لەسەر شانۆیە هەمووی دەگرێتەوە بۆ بەرگرتن لە ئابوری چین، هەر لە بەهاری عەرەبی و شەڕی وڵاتانی سەر دەریای قەزوین و ئێران وسوریا، بە جۆرێ لە جۆرەکان شەڕە لەسەر بەرگرتن لە فراوانخوازی ئابوری نەرمی چین ، هەتا جێهێشتنی بەریتانیا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم شەڕە.



هەر بۆیە بەرەی دژی چین بەسەرۆکایەتی ئەمریکا ترسی زۆریان لە ڕێککەوتنی چین هەیە لەگەڵ ٦٧ وڵاتی دنیا بۆ ڕاکێشانی ڕێگای ئاورشمی هەمەلایەنەی چین، کە دەبێتە هۆی بێ بایەخی ڕێگاکانی نابۆکۆ و تاناب و ڕێگا دەریاییەکان. ئێمە نامانەوێت بچێنە ناو دیتاڵی ڕێگەی ئاورشمیەوە ، بەڵام بێ دەنگی روس و ئەوروپا ئەمریکا بەرامبەر بە بەرگرتن لە ڤایرۆسی کورۆنا (تاج) کە وەک پێویست نیە دنیایەک پرسیار هەڵدەگرێت ، وە ئەگەر وەک دوو جەنگی ئابوریش سەیری بکەین ئەوا لەم جەنگەدا چین بەخێرایەکی گەورە بازاڕەکان داگیر دەکات ، بۆ ڕێگە گرتن لەم خێرایەی داگیرکاریە بەرەی دژە چین ناتوانن شەڕی گەرم بکەن ، واتا بگەنە شەڕی سەربازی و ئەتۆمی ، تاکە ڕێگا لەبەردەم ئەم پەرەسەندنە ئابوریەی چین گەڕانە بۆ چەکی نهێنی تر ئەویش بایۆلۆجیە ، کە ئەم شەڕەش دو دیوی هەیە دەکرێت چین بەرەوە ڕوی بێتەوە نەهێڵی پەرە بسێنێ ، یان دەکرێت مەودا یان کاتی ڤایرۆسەکە بۆ کاتێکی دیاریکراو بێت ، بە هەمو دیوەکاندا کە ئێستا سەرۆکی چین سەرکەوتنی بەسەر ڤایرۆسی کرۆنا ڕاگەیاند ، دیوە خراپەکەی بۆ چین ئەوەیە کە ناتوانێ پسپۆر و کارمەند و تەکنیکیەکانی بنێرێت بۆ ئەوە وڵاتانەی کە مەبەستێتی پرۆسەی فراوانبونی ئابوری تێدا ئەنجام بدات ، ئەگەر ڤایرۆسی کورۆنا کۆنترۆڵیش بکرێت ئەوا هەر دراوە لە چین ، بەوەی ناتوانێ کاری لەسەر بکات بەهۆی مەترسی بڵاوبونەوەی ، ئەوەندەی ترسی بڵاوبونەوەی زەرەر لە چین دەدات ئەوەنە توشبوانی زەرەر لە چین نادەن ، بۆیە دەکرێت بڵێین بۆ بەرگرتن لە چین ، دەکرێت دیوێکی جەنگەکە جەنگی بایۆلۆجی بێت و کورۆناش بەشێکی ئەم جەنگە بێت ، چونکە ئەوە ڕونە کە چین لەگەڵ کۆریای باشور مامەڵەی بازرگانی گۆشتی سەگی هەیە ، هۆکارەکانی ئەم ڤایرۆسەش سەگ و ماری کوبرایە ، ئەوەش دەزانین کە کۆریای باشور هاوپەیمانی ئەمریکایە ، لەم لاشەوە ڕوسەکان کە بەرامبەر سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێرانی دۆستی هەر دەگەڕێتەوە سەر هەمان ئامانج ، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین ئەگەر بەر بەم ڤایرۆسەش بگیرێت ئەوا هێشتا چین زەرەیکی زۆری لە ئاستی پرۆژەکەیا کردوە ، بەڵام چین هەمو ئەگەرەکانی تاوتوێ کردوە وەک جارەکانی تری بڵاو بونەوەی ڤایرۆس و نەخۆشی بایۆلۆجی دەتوانێ سەرکەوتو بێت بەسەریدا .

دوا جار بۆ بەرگرتن لەم فراوانبونەی چین دەکرێت شەڕی بایۆلۆجی تریش ڕوبدات.


# کەسایەتی و تێکۆشەرێکی ماندوو نەناسی دیکە
# عەبدولکەریم هەڵەدنی




دەرک کردن بە مێژو و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە باکگراوندێکی هوشیاری قوڵت هەبێت ، خۆ ئەگەر ئەم هەستی لێپرسراویەتیە لە هەر کەسێکدا دروست بو ئەوا دەبێتە ئامانجێکی پیرۆز و تا گیان بەخت کردن دەڕوات ، بە تایبەت لە ناو ئەو نەتەوانەی کە مافەکانیان زەوت کراوە ، شەهید ( ) کەسێک بو کە گیانی پێشمەرگایەتی وەک خەباتێکی دور و درێژ و هەناسەی درێژ دەبینی هەر بۆیە دەبێت لە ئاست ئەم گیان فیدانەی نیشتماندا هەڵوێستە بکەن و ئەو بزانین کە تەلاری نەتەوە بە خوێنی ئەم شەهیدانە دروست بوە دەبێت ببێت بە سمبولی ئازادی و خەبات بۆ نەوەکانی داهاتوو.

لەم بەشەدا پێم باشە و لەجێی خۆیدا تێکۆشەرێک و خەباتکارێکی ناو بزوتنەوەی کوردایەتی و بەرخۆدانتان پێبناسێنم، کە ماندوونەناسانە لەخزمەتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و کەم ئەندامانداا بووە، ئەویش بەڕێز (عەبدولکەریم هەڵەدنی )ە، کە هەر ئەرک و خزمەتێکی پێ سپێرابێت، بە سنگ فراوانی و دڵسۆزیەوە بەئەنجامی گەیاندوە، هەر ئەویش بوو بەهاوکاری ژمارەیەک کادیری ئیداری و هاوڕێی دڵسۆزی توانی ئەم دەزگایە بەسیستەمێکی نوێی کۆمپیتەری ڕێک بخاتەوە و بیخاتە سەر ڕەوت و شێوازێکی سەردەمیانە بۆ ئەوەی دۆسیەکان لەفەوتان و نەمان بپارێزێت و کاروباری کەس وکاری شەهیدان ئاسانتربێت. لێپرسراوێک بۆی گێڕامەوە گوتی: لەشەڕی قەیواندا بەتایبەتی لەشەڕی حەسەن بەگ و پشت گوندی وڵاغلو وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان ولەخۆبردوو ڕۆڵی زۆر گرنگی بینیووە لە ڕووبەڕووبونەوە و شەڕی دەستەویەخەی (قوات خاصە)ی ڕژێمدا لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی (عومەر پاڵەوان).

مەبەستم لێرەدا بەگشتی لەهەوڵ و ئازایەتی وبەرگری و قارەمانێتی برا پێشمەرگەکانی ترم لەشەڕەکاندا کەم ناکەمەوە کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە وەک پێشمەرگەویەکەی بێ تەل واتە(عدد جیهاز)لەگەڵ هاوڕێکانمدا لەشەڕەکاندا بەشداربووم، دەبێت ئەوەش لەیادنەکەم کە زۆرێک لەهەڤاڵانی پێشمەرگە لەکاتی برینداری سەختدا پاش چارەسەری سەرەتایی گەڕاونەتەوە بۆ ناو شەڕەکان،(عەبدولکەریم هەڵەدنی)زۆرجار لەسەر مکوڕبوون وهەڵوێست ودڵسۆزی بۆ کارەکەی بەربەرەکانی کراوە و لەکارەکەی پەراوێزخراوە و سزای سیاسی دراوە، بەڵام ئەو وەک کەسێکی سادە و دڵسۆز و بێباک هەمیشە بەکارە جوانەکانی دەرئەکەوێت و دەناسرێت.




عەبدولکەریم عەلی نەجم ناسراوبە(عەبدولکەریم هەڵەدنی) لەساڵی ١٩٦٠ لەدایک بوە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کردوە بەڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، ساڵی{١٩٨٠-١٩٨١) پەیمانگای تەکنۆلۆجی بەغدای تەواکردوە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی کردوە بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوەوبوە بەپێشمەرگە، پاشان کراوە بەئەندامی ناوچەی ئەوکاتەی (ی ن ک)،بەشداری شەڕەکانی هێزی پشتیوانی کردوە لەدۆڵی ئاڵوەتانی نزیک خانە-سەردەشت لەکوردستانی ڕۆژهەڵات، ساڵی ١٩٨٣ بوە بەئەندام پۆل لەکەرتی ڕێکخستنی دوکان وپاش ساڵێک بوە بەئەندام کەرت، ساڵی ١٩٨٥ بوە بەڕابەری سیاسی ولێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەتیپی ٢٣ی سورداش، بەشداری شەڕەکانی قەیوان-ماوەت وزۆربەی شەڕەکانی تیپی ٢٣ی سورداشی کردوە،دوای ئەنفالی یەک گەڕاوەتەوە ناوچەی چەمی ڕێزان ولەگەڵ هەڤاڵ عەلی بچکۆل وهەڤاڵەکانی تری بۆ ماوەی هەشت مانگ لەو دەڤەرە ماوەتەوە، پەیوەندی ڕێخراوی سلێمانی وهێزی پێشمەرگەی گرێداوە بەتایبەتی لەگەڵ شەهید جەباری حاجی ڕەشیدوهەڤاڵەکانیدا ئەو ماوەیە پێکەوە کاریان کردوە، دوای ڕاپەڕین بوەبەئەندام مەڵبەندوکارگێڕی مەڵبەندی پێشمەرگەولێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخسنی دوکانی(ی ن ک)، ساڵی ٢٠٠٤ کۆلێجی ڕاگەیاندنی لەزانکی سلێمانی تەواوکردوەودواتر بوە بەبەڕیوەبەری گشتی دەزگای شەهیدان وئەنفالکراوان، دەیان و گوتار و نوسین و لێکۆڵینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە، ناوبراو ئێستا لە کاری سیاسی دوورکەوتۆتەوە و سەرقاڵی کاری ئەدەبی و نووسینە، ساڵی پار ڕۆمانێکی بەناوی(سەد مەتر ئاسمان) بڵاوکردۆتەوە.

# بۆ چلەی ئاسۆ سوارەی هاوڕێی چل ساڵ تەمەنم

# ئاسـۆی سوارە، ئاسـۆی گلێنـەم



زۆر سەختە باس لە مەرگی گوڵێک بکەیت و بەڵام هێشتا بەرامەی وەک خۆی لە باخەکەدا مابێت " ، ئاسۆ گیان بیرتە لە مەرگی شێرکۆی شیعر و شێرکۆی بێکەسدا وام وت ؟

ئەی ئێستا چۆن باس لە مەرگی مانگەشەوێک بکەم, کە هێشتا بەر پەنجەرەی نائومێدیی و حەوشەو بانیژەی تەنیاییم ڕووناک دەکاتەوە !! لە کوێوە دەست بکەم بە گێڕانەوەی تەقینی ئەو هەموو کانیی پێکەنین و درەوشانەوە و ، کوژانەوەی ئەستێرەی ئەو هەموو شەڕ و نیگەرانیی و دیسان ماچ و قاقا و شێتییەمان !!


ئاسۆ، ئەم کەمتەرخەمییەت لە چی ،کەسەکەم ؟ ئەزانیت ڕۆشتیت و نە ، ڕوخسەتت خواست و نە،گوڵی ماڵئاواییەکت لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەمدا جێهێشت ، ئەو پەلە پەلەت لە چی بوو ؟ ئاگری ئەم سەفەرە کتوپڕە لە کوێیە هەڵی گرتی و چۆن شەرم نەیبرد بە ناخی ئەرزا و پڕکێشیی ئەوەی کرد بەربێتە خەرمانی خەونەکانت .

ئاسۆ ، مردنی تۆ واتە کشانی سەدان ئەستێرە و کوێربوونی ئاسمان و بەدارشەق ڕێکردنی مانگ. مردنی تۆ بەچۆکداهاتنی کێوی ئاسوودەیی هاوڕێکانت و وشکەساڵیی زەردەخەنەی "بەیان و کاژین و سۆلین " و مانگگیرانی هەمیشەیی "دایە ڕووناک و مامۆستا عومەر " و هەڵوەرینی تەرزی مێوی خۆشبەختیی "چرۆ و هێرۆ و شنۆ و ناسک "و ئەژنۆ شلبوون و بێبڕستیی "ئاکۆ و شانۆ و ژینۆ"یە.

*******************



لە ماڵپەڕی kurdipedia ەوە



من لە هەموو کەس زیاتر بە گلەییم لێت، بەر لەوەی بڕۆیت بۆ نەهاتیت شەڕێکی تر بە یەک بفرۆشین بۆ ئەوەی هەردووکمان بەردەوام دڵمان بۆ سڵاوێکی یەکتر لەسەر ئاگردانی چاوەڕوانیی بێت.

من لە هەموو هاوڕێکانت پتر ڕقم لێتە، چونکە هێشتت هێندەم خۆش بوێیت، کە لە ڕۆشتنتا نێو سنگی خۆم بگەڕێم بۆ سێبەرەکەت و نێو دڵم تەی کەم بۆ "نور "ی ڕووخسارت.

ڕۆشتنێک ڕۆشتیت، نە لە بوخچەی پێچراوەی هیچ خەونێکدا بوو، نە، هیچ قەرەجێکیش لە لەپی دەستی کەسدا خوێندبوویەوە.

*******************

ئاسۆ گیان بەیانی جێم مەهێڵە، کە ڕۆشتیت هەتا بەر دەرکی سەرام بگەیەنە.

ئاسۆ لەگەڵ تۆمە، ئاسۆ.. ئاسۆ.. ئاسۆ بەڕاستمە و دیسان مەیکەرەوە بە سوعبەت ، خۆ تۆ هەر ئەچیت بۆ بازاڕ، کەمێک چاوەڕێم بکە.

ئاسۆ بۆ وەڵامت نەدامەوە ، بۆ نەتوت پێنج دەقەی تر حازر نەبیت بەجێتدێڵم ؟ بۆ نەتوت کاری پەلەم هەیە و ناتوانم لەسەرت بوەستم، بۆ نەتوت چەتەوڵی مەرگ لەبەر قاپیی دڵم وەستاوە و بە هەر دوو دەست بێ ڕەحمانە پیائەکێشێت و جاڕزی کردووم؟ دە ئیتر منیش بەردەوام تەلەفۆنت بۆ دەکەم.. زڕ.. زڕ.. زڕ .هەر ئەبێ وەڵامم بەیتەوە ، هەر ئەبێ ڕۆژێکی تر پێکەوە بچینەوە بازاڕ و بە دەم ڕێوە نوقڵی قسە خۆشەکانی " نارین" بەش بدەیت ، زڕ.. زڕ.. زڕ .... چل ساڵە هاوڕێین ، کەچی وەڵامی مەرگت دایەوە و هی من نا ؟ زڕ..زڕ..زڕ دە هەر وەڵام مەدەرەوە بزانە هەتا قیامەت هەر زەنگت بۆ لێ نادەم ئاسۆی سوارە.. ، ئاسۆی گلێنەم .

بەرزان هەستیار

ئەڵمانیا/ کۆلن

# وشەی جوان گوڵە گوڵ.......وشەی جوان گوڵە گوڵ........وشەی جوان گوڵە گوڵ




**لەوەتەی ئاگر هەیە ،**
**ئێمە دەسوتێین.**
**لەوەتەی ئاو هەیە ،**
**ئێمە دەخنکێین.**
**لەوەتەی چەک هەیە ،**
**ئێمە دەپێکرێین.**
**لەوەتەی شەڕ هەیە ،**
**ئێمە دەجەنگین.**
**لەوەتەی ئازار هەیە ،**
**ئێمە دەیچێژین.**
**لەوەتەی ڕۆیشتن هەیە،**
**ئێمە ئاوارەین.**
**لەوەتەی پارە هەیە ،**
**ئێمە دەفرۆشرێین.**
**لەوەتەی ئازادی هەیە،**
**ئێمە کۆت و دیلین.**

**ئێمە کوردین ...**
**بێکەسی گەورە**




مەیشۆن!
سەرتاپا گیانی بە ئاگر شۆردراوە
کفنی مەکەن!
خۆ جەستەی وەك مرۆڤ نەماوە
مەینێژن!
مۆمیای کەن خۆ بەس ئیسکی ماوە
بیکەن بە تابلۆیەك!
پەیکەریك، ڕۆمانیك، داستانیك،
بابزانن لە وولاتی من!
نە ئاین نە ویژدان لای هەندێك كەس نەماوە



# دوو نووسینی نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

## سەرەتانی کورد



دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری عێراق لە 1920/12/27 ەوە تا 4/9/ 2003 لە ماوەی 83 ساڵی فەرمانڕەوای دا ، جینۆسایدی کوردیان کردوە، کوڕی چینە زەحمەت کێشەکان، تەنیا یەک سەرمایەیان هەبووە جەستەو ڕۆحیان، لە سەنگەرەکانی بەرگری دا بەخشیویانە بە خاک تراژیدیای کۆمەڵکوژی... کوردە فەیلییەکان...بێ سەوشوێن کردنی بارزانییەکان... ئەنفال ...کیمیا بارانی هەڵەبجە و... ناوچە جیا جیاکان. ئەو هەموو شەهید و زیندانیانی سیاسییانە، دوای ئەو هەموو ماڵوێرانی و پەرتەوازە بوون، نەهامەتی،نەداری، دەربەدەری و برسێتییە، لە سایەی ئەم پەرلەمانی کوردستانە و ئەم حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لە بری ئەوەی ئەو هەموو کاریگەریانەی دوای نەهانەتی زنجیرە جینۆسایدەکان. بە پرۆژەی خزمەت گوزاری لە ڕەگەوە بسڕنەوە. قوتی ژیانی پڕلە شکۆمەندیان، وەک تیمساح هەڵدەمژن. بەم کردەوەو هەڵویستانەیان. سەلماندیان پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەری بەرژەوندییە باڵاکانی خۆیان و حیزبەکانیانن، ئەم پەرلەمان و وەزیرانە، ئەوەندە نەفسێتیان نزمە، نە بە موچەی خەیاڵاوی خۆیان، نە بە کۆمپانیا و نە بەباخ و ڤیلاو کۆشک، نە بەدۆلاری بانقەکان و نەبە بیری نەوت تێر ناخۆن، خوێنی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و زیندانیانی سیاسی دەمژن وەک نەخۆشی سەرەتان وان لە کۆڵمان نابنەوە دەیانەوێت جارێکی تر جینۆسایدێکی تر و نەهامەتیەکی ترمان بە دیاری بۆ بهێننەوە.

## ڕاپۆرت نووس....ڕاپۆرت نووس....ڕاپۆرت نووس....

ڕاپۆرت نوس ئەو کەسە باوەڕپێکراوانەی دەسەڵاتن، کار و کردەوەیان پەڕپوتی و بودەڵەیی یە. ئەو کەسە دەروون نەخۆشانەن، هەست بە گرێی کەمی خۆیان دەکەن، ئەم دیاردەیە لە سەردەمی ڕژێمە یەک لە داوی یەکەکانی دەسەڵاتی کۆماری عێراق دا سەری هەڵدا،لە سەردەمی دەسەڵاتی سەدام حسین، بەهۆی بەڕێوەبەرایەتی ئەمن و ئیستخبارات، ڕاپۆرت نوسین گەیشتە ئاستێکی بەربڵاو، هەموو عێراق و کوردستانی گرتەوە، بەهۆی درۆی ڕاپۆرت نووسەوە دەیان تێکۆشەر و کەسانی خاوەن هەڵوێست بێلایەن دەسگیر و زیندان و ئەشکەنجە دەدەدران، لەسێدارە یا گولەباران دەکران. لە سایەی دەسەڵات دارانی کوردەوە لە کوردستان، ڕاپۆرت نووس ئەوەندە زۆر بوون، دەگەنە هەموو کون و قوژبنێک، سەرشەقام و بازاڕ چایخانە و شوێنە قەرەباڵغەکان، کۆڵان و گەڕەک تەنانەت ناو ماڵەکان. ئەو ڕاپۆرت نووسانە بە ئامیری تایبەت، قسەو ڕەخنەی خەڵک تۆمار دەکەن. ڕاپۆرتەکانیان دەگەیەننە ئەو کەس و شوێنانەی، کە ڕایان سپاردوون بە هۆی باری قورسی بژێوی و دژواری ژیان و بێ بازاڕی خەڵک بێزار و توڕەن لە حیزب و لە حکومەت لە درۆی ڕەنگاو ڕەنگی لێپرسراوان. میدیاکاران، خەڵک ڕۆژانە ڕەخنە دەگرن، ئاماژە بەو هەموو ناعەدەلەتیانە دەکەن. ڕاپۆرت نوسەکان ئەو ڕەخنە و بێزاری و.... ئاماژانەی هاوڵاتیان دەکەن بە ڕاپۆرت، بە مشتێ پارە و ئافەرینێ دەیفرۆشن بە دەسەڵات.


هاوڕێیەکم لە ساڵی 1985 لە کۆلێجی پەروەردە لە بەشی مێژوو لە زانکۆی بەغداد وەرگیرا بوو، لە مەنعتەجولەکەی 1985/10/17 ئەو کاتە لە بەغداد بوو، لەوێ هەواڵی پشکنینی شار و تراژیدیای کۆمەڵکوژی مەنعتەجولەکەی بیست بوو، زۆر ئازاری ناخی دابوو، دڵی لای کتێبخانە بچکۆلەکەی خۆیشی بوو، کە چۆن پڕبوو لە بڵاوکراوەکانی شاخ و وێنەی شەهیدەکان و کۆمەڵێ کتێبی یاساخ، بە پەلە لە بەغدادەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی، ڕەنگی بەتەواوی تێک چووبوو، توشی تێرمان بوو، چۆن براکانی و باوکی و دایکی ئەمیش دەسگیر نەکراون ؟ چۆن خانووەکەیان بەشۆفڵ خاپور نەکراوە ...؟ هەناسەیەکی دڵنیایی هەڵکێشا و برا گەورەکەی پێی گوت:

– من پێشتر زانیم چی لە کتێبخانەکەتدا هەیە، ئەو بەیانییە کە زانیم جێیە مەسەلە. کتێب و نامیلکەکانی (سەدام و قادسیە)م لە بەردەم کتێبخانەکەت و ناو کتێبخانەکەتدا دانابوو، چەکدارەکان کە ئەو کتێبانەیان بینی، وەک چاوبەست کتێبخانەکەتیان نەپشکنی. ئەم هاوڕێیەم زۆر دڵی بە بەشی مێژوو خۆش بوو لە نیوەی ساڵدا، بیانووی بەعسێتیان پێگرت، ملی بۆ نەدان. نەیانهێشت ئیمتیحان بدات ئەو ساڵەی خوێندنی فەوتا، گواستیانەوە بۆ کۆلێجی ئاداب بەشی کۆمەڵایەتی.

هاوڕێکەم پاش تەواو کردنی زانکۆ و دوای ڕاپەڕین دوکانێکی لە بازاڕێکدا گرت، لەبەر بێ سیستەمی و نەبونی دەستور و یاسا و ڕێسا، خاوەن موڵکەکە بە بیانووی دروست کردنی کۆشکی نوێ بەرنامەی تێکدانی هەموو دوکانەکانیدا، بڕیاری دادگا لە بەرژوەندی خاوەن موڵک بوو، دوای دروست کردنی کۆشکە نوێ کە، دەبوایە دوکانی نوێ بدرێت بە کرێنشینەکانی پێشوو، بەڵام هاوڕێکەم و هەموو خاوەن دوکانەکان لە و مافەی خۆیان بێ بەشکران، هەموویان دەرکران، دواتر هاوڕێکەم دوکانێکی بچوکی لە چەپەکێک بە کرێگرت سەرقاڵی کاسپی خۆی بوو، ماوەیەک لەمەو بەر چەند چەکدارێکی شار هەڵیان کوتایە سەر ئەو بازاڕە و لەدوکانەکەیدا دەسگیریان کرد، گوایە لەم دوکانەکەدا ڕەخنە لە دەسەڵات گیراوە. ئایا ئەمە شەرمەزاری نییە بۆ ئەو کەسانەی لە دەزگاکاندا کار دەکەن، لەسەر ڕاپۆرتی.... کەسێکی نەفس نزم. کەسێکی خاوەن هەڵویستی وەک ئەم هاوڕێیەم دەسگیربکەن و بیشکێنن و لێکۆڵینەوەی لە گەڵدا بکەن..؟ ئەو هاوڕێیەم زۆر لەو کەسانە خاوەن هەڵوێست ترە،کە ئەمڕۆ لە دەسەڵاتدان و ئەو بڕیارە نابەجێیەیانیان دەرکردووە، بەم کردەوە و هەڵوێستانەی دەسەڵاتداران. ملازم محسن و ملازم ڕینگۆ عەلی مەفرەزەکەیمان دێننەوە یاد. دەبوایە دەسەڵاتدارانی کورد پەیرەوی کلتوری ڕاپۆرت نووسینی سەردەمی سەدامیان نەکردایە بە جۆرێک هەڵسوکەوتیان لە گەڵ ئەم بوارە بکردایە پاراستنی ئەمنی قەومی ئەرکی سەرشانی هەموو هاوڵاتی یەکە بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی، ئەو کەسانەی قسە دەکەن، ڕەخنە دەگرن و ئەو هەموو جیاوازی و غەدر و ناعەدالەتیانە بە و ژیانە قورسەیانەوە لە و بێ بازاڕی و بێ کاسپیەدا هەرگیز ویژدان و کەرامەتی خۆیان نافرۆشن، بەڵام ڕاپۆرت نووسەکان نوقمی ڕاپۆرتی درۆ و فێڵ و تەڵەکەن، هیچ بەهایەکی مرۆڤ و مرۆڤایەتیان تیدا نییە بۆ پارە و ئافەرینێک، خیانەت لە نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەکەن، تەنانەت کەرامەتی خۆیان و ئەوانەی ڕایان سپاردوون هەراج دەکەن ئایا دەسەڵاتی کوردیی، بەم ڕاپۆرت نووسە باوەڕپێکراوانەیان ئەمنی قەومی دەپارێزن؟ ئەی دەسەڵاتداران ئێوە دەتوانن چی بەو هەموو سەربازگە و دەزگا نهێنییە سیخورانەی بێگانە بڵێن، کە لە نیشتمانەکەمان سەربازگەو دەزگای سیخوڕیان داناوە و تەراتێن دەکەن.... ؟

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

# تێپی تەپ




*شەماڵ ئەگەر بۆنی تۆ نەهێنێ هیچ نییە لە هەوای پانکەیەک زیاتر.

*وەزارەتی دارایی ئەگەر ئاگاداری سرِ وترِی وڵات نەبێ ،دەغیلەیەکەو هیچی تر.

*زانکۆ ئەگەر خەریکی توێژینەوەی زانستی نەبێ تەنیا حوجرەیەکە و خۆشیی جەنابتان.

*موقەدەم ئەگەر ناوی ڕۆمڵ ی نەبیستبێ نایب عەریفێکە و مەسئول تەرفیعی پێ کردووە.

*گۆرانی ئەگەر لائیرادی شانت هەڵنەتەکێنێ نوزەنوزێکە سپۆنسەرەکەی پێ حەرام بێ.

*کۆنگرە ئەگەر هیچی پێ نەگۆڕدرێ هەر مام عەزیزەکەی جارانە وخۆی لێ گۆڕیون.

*سەربانی موسەلەح کە دڵۆپەی کرد هەر گڵەکەی ئەوسایە و باگردێنی ترِۆ کردووە.

*سەیتەرە ئەگەر تەفتیشی نەکردی تەنیا هەر تاسەیەکە و قەرەباڵغی دروست ئەکا.

*پاقلاوە ئەگەر هی ئەبو عەفیف نەبێ هەر ناوساجییەکە و شیلەی پیاکراوە.

*موعارەزە ئەگەر لە قسەی دەسەڵات دەرنەچێ پرتەقاڵێکە تڵپی تەرِی تیا نەماوە.

*بارە قاچاخێ هیچ مەسئولێکی لە پشتەوە نەبێ لۆرییەک مەسینەیە و تۆزێک تەشتی نایلۆن.

*حکومەتێک لە پاش ڕاپەڕینەوە ئەمە حاڵی بێ دێوەکەی بەرنامەی بەرنامەیە و ئێمە نایناسینەوە.

# دیسانەوە گەڕانەوە بۆ ئەمستردام




## دکتۆر مەریوان وریا قانع


هەرچی جارێک من سەردانی یەکێک لەو وڵاتانەی ئەورووپا دەکەم کە کۆچبەری کوردیان تێدایە بۆ پێشکەشکردنی بابەتێک، کۆمەڵێک کوردی کۆچبەر دەبینم کە وەک گوڵ پاک و وەک ژیان زیندو و وەک مرۆڤیش گەورەن. بەڵام هاوکات زۆریان خەمبار و ماندو و برینداریشن. خەمبار بە دەست باجە قورسەکانی کوردبوونی خۆیانەوە، ماندوو بە دەست کۆچبەربوون و بێگانەبوونەوە، برینداریش بەدەستی فشاری یاداوەرییەکانیانەوە کە پڕن لە حیکایەتی تاڵ، تاڵ وەک لەدەستدانی ئازیزێک. لەم سەفەرەمدا بۆ ئیتالیا چەندان کەسی لەو شێوەیەم لە نزیکەوە ناسیی، چەندان حیکایەتم گوێلێبوو کە نەک تەنها شایانی نووسینەوەن، بەڵکو نووسینەوەیان ئەرک و پێویستییەکی گەورەیە. چەندانماڵیشم بینی چەند سادەبوون هێندە و زیاتریش پڕبوون لە ڕێز و خۆشەویستیی. مرۆڤم بینی لە لێواری وردوخاشبوونێکی تەواوەتیدابوو، کەسانێکم بینی دوای بیست ساڵ کۆچبەریی هەستیان بە تەنهاییەکی کوشندە دەکرد، کەسانێکی تریشم بینی خەریکی داهێنانی خۆیان بوون وەک کەسێکی جیاواز لەوەی کە هەبوون و هەن، بەڵام زۆرجار تەنها و پڕ لە گومان. ئەمجارەش وەک زۆر جاری تر ژن و پیاو، منداڵ و گەورە، خاوەن کار و بێکارم بینیی، کوردی هەمەجۆری پارچە جیاوازەکانی کوردستانم بینی کە شێوەژیان و ئەزموونی جیاوازی کۆچبەربوونیان هەبوو، بەڵام کۆچ هەموویانی لە وڵاتێکدا لە یەکتری نزیکردبووەوە. کەسانێکم بینی هەمووی چەند مانگێکی کەمە ڕایانکردوە بۆ ئەو وڵاتە و کەسانێکی تر کە چل ساڵێکە لەوێن، منداڵانێکم بینی لەو وڵاتەدا لەدایکبوون و زادگای باوک و دایکیان نەدەناسی، منداڵی ترم بینی کەس وکاریی سرودی ئەی ڕەقیبیان پێ لەبەرکردبوو. هەندێک کەسم بینی دوای زیاتر لە دە ساڵ ژیان لە وڵاتێکی تری ئەورووپادا بە ناچاریی و لەبەر وەرنەگرتنی کاغەزی ڕەسمیی پێویست، گەڕابوونەوە بۆ ئیتالیا. ئەو وێنە و سیما و هەستە باڵادەستەی لای من لەسەر ئەو کۆچبەرانە دروستبوو، وێنە و سیما و هەستی تەنهایی و دووریی و چاوەڕوانییە. هەرکەسێکیان بە جۆرێک چاوەڕوانی شتێکە، چاوەڕوانییەک زەحمەتە ناوێکی بۆ بدۆزینەوە و کەسیشیان ناتوانێت تەفاسیلەکانی بە تەواوی باسبکات. کەسانێکم دی ئیتالیایان بە نیشتیمانی خۆیان دەزانیی و کەسانێکی تر جگە لە زادگای خۆیان لە کوردستان، هیچ شوێنێکی تری ئەم دونیایە بە نیشتیمان نازانن و کەسانێکی تریش هەموو پەیوەندییەکیان بە شوێنە تێکچوبوو. ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو ئەوانەی دیمن و دواندمن و پێکەوەبووین، ئەوانەی پێکەوە چووینە ناو بەفر و شەختەی چیاکانی ئالپەوە، ئەوانەش لە یەکێک لە قاوەخانە زۆرەکانی ئەو دەڤەرەی ئیتالیدا بەیەکەوە قاویەکمان خواردەوە. بەوانەی لەگەڵیاندا بە پێ بەسەر چەند شاخێکدا هەڵزنایان و بەوانەش کە لە قەراخی ڕووبارەکاندا بەیەکەوە پیاسەیەکمان کرد. ئێستا ئیتر من بۆ جارێکی تر گەڕامەوە بۆ ئەمستردام، بۆ تاقە شارێکی سەر ئەم ئەستێرەیە کە لە هەموو شارەکانی تری جیهان باشتر دەیناسم و باشتر دەتوانم لەناویدا تەنهابم. ڕێزم بۆ هەموو ئەوانەی ئەم هەفتەیەیان بە میهرەبانییەوە لەگەڵدا بەشکردم.


# بیرەوەرییەک و چەند یادگارییەک

بەختیاری شەمەیی

ساڵانی هەشتاکان، لەنێو کوردانی هەندەرانشینیدا، تەنگەژەی پەرتووک و گۆڤار و رۆژنامەی کوردی بوو. ئەوکاتە پۆست، بەم شێوەیەی ئێستا نەبوو، کەسوکاریش لەبەر بارودۆخی سیاسیی سەخت و دژواری ئەو سەردەمە نەیاندەوێرا لە کوردستانەوە بڵاوکراوەکانی ئەوێمان بۆ بنێرن. بەکورتییەکەی، بەگشتی لە هەموو ئەو پەرتووک و گۆڤارانەی کوردستان بێبەش بووین.






جا هەر بەم بۆنەیەوە، با لێرەدا زۆر بەکورتی یادگارییەکی شیرینی ئەو سەردەمەتان بۆ بگێڕمەوە: بیرم دێتەوە جارێکیان لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ برا و هاوبیری هێژام، رەوانشاد کاک د. کوردۆی نەمردا باسمان لە چاپەمەنییەکان و پەرتووکەکانی وڵات و رۆژنامەی هاوکاری و گۆڤارەکانی بەیان و رۆشنبیری نوێ و کاروان دەکرد، کاک کوردۆ وتی: بەخە گیان ئەگەر خولیای خوێندنەوەت هەیە، من چەندین ژمارەی بەیان و رۆشنبیری نوێ و کاروانم هەیە، هەندێک کتێبی کوردیشم هەیە کە خوێندوومنەتەوە و پێویستم پێیان نەماوە، بەڵێنت دەدەمێ ئەم هەفتەیە هەموویان بۆ پۆست دەکەم. بەڕاستی ئەوە یەکێ لە خۆشترین مژدەکان بوو و بەڵێنێک بوو کە زۆر دڵخۆشی کردم و کەمێک خەمی دووری و ئاوارەییان رەواندمەوە، پاشان بەڵی هەرواش دەرچوو، هەموو ئەو گۆڤار و پەرتووکانەم بەدەست گەیشتن. لێرەدا رەنگە بە وشە نەتوانم ئەو هەست و دڵخۆشییەی ئەو کاتەی لاوێتم دەربڕم، بەڵام بەڕاستی رۆژێکی هەرە خۆش و مێژوویی ژیانی لاوێتیم بوو کە چەندین دیاریی خوازراو و گرانبەها و بەنرخم پێگەیشتن.



ئێستا کە ئەم چەند دێڕە دەنووسم، بەدەست خۆم نییە و بارانی بەخوڕی فرمێسک هەردوو چاومیان پاراو کردووە. بەکورتییەکەی، ئەوەی بیرم بێتەوە، جگە لەم سێ پەرتووکە و چەند ژمارەیەکی ئەو گۆڤارانە، پەرتووکی کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی مامۆستا سەعید ناکامی نەمر و بەرگی یەکەمی پەرتووکی داغستانی من، نووسینی رەسووڵ حەمزەتۆف، وەرگێڕانی مامۆستا عەزیز گەردی بوون. بەڕاستی ئەو پۆستە گیانی منی ژیاندەوە، چونکە هیچ پەرتووک و گۆڤارێکی کوردیم لانەبوون، دەستیش نەدەکەوتن، ئەو کاتانە زیاتر بڵاوکراوەکانی پارتەکان و بەیاننامە و هەندێک گۆڤار و بڵاوکراوەی ناوبەناوی کوردی دەکەوتە دەستمان، بەڵام ئەوانە هەموویان لە ئەورووپا چاپ و بڵاودەکرانەوە و کەم و گرانیش بوون. ئێمەش توانای کڕینی هەموو ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەمان نەبوو. هەرچۆن بێت، ئەو دیارە هەر بەنرخانەی کاک کوردۆ، خولیای خوێندنەوەیان ژیاندمەوە و دەتوانم بڵێم چەندین جارم خوێندوونەتەوە و هەر لێیان تێرنەدەبووم. بەتایبەتی ئەو کوردییە جوان و بەپێز و پاراوەی مامۆستا سەعید ناکامی نەمر و مامۆستا عەزیز گەردی کە بە ئەو دوو وەرگێڕانەیان نامەخانەی کوردییان دەوڵەمەند کردووە.


عەزیز گەردی


سەعید ناکام

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی مامۆستا ناکامی نەمر بێت...... تەمەندرێژی بۆ مامۆستا گەردیی بەڕێز دەخوازم، دەبێت ئەمەش بڵێم کە زۆر سوود مەند بووم لەو وەرگێڕانانەیان، بەتایبەتی لە شێوازی جوان و بەپێز و پاراوی کوردینووسینەکانیان، ئێستا هەست دەکەم کە بۆ ئەو کاتە چەند پێویست و گرنگ بوون و چەندێک لێیانەوە فێر بووم.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی برا و هاوبیری نەمرم کاک دوکتۆر کوردۆ عەلی، گیانی پاکیان شاد و ئاسوودە بێت.

# شەهیدی فەرماندە شەهید ئاکۆ سور



پارتیزانی دوای ئەنفال رەمەزان ئەحمەد حەمە عەلی ناسراو بە (ئاکۆ سوور)، ساڵی1965لە شێخ بزێنی/ کەرکوک هاتۆتە دنیاوە.
لەساڵی1981پەیوەندیی کرد بەڕێکخستنەوە. هەر لە ساڵی1981 لەهەرێمی دووی کەرکوک، بووبە پێشمەرگە..
یەکێک لەفەرماندکانی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال بوو، قۆناغەکانی پێشمەرگایەتی پلە بەپلە بڕیوە، لەفەرماندەی مەفرەزە و کەرت و جێگر تیپ و سەرتیپ و بەتالیۆن و فەرماندەی هێز و دوای راپەڕینیش ولەگەڵ دامەزراندنی
سوپای یەکگرتووی کوردستان بووە بەفەرماندەی فەوجی دووی پاراستنی کەرکوک، بەپلەی موقەدەم جێگری لیوای تایبەتی کەرکوک بووە.
مەدالیای زێرینی پارتیزانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێبەخشراوە.
لەزۆربەی ناوچەکان پێشمەرگایەتی کردووە، وەک: (کەرکوک، دەشتی هەولێر، ناوچەی سورداش، ئاسۆس، پیرەمەگرون، گەرمیان و بادینان و کوردستانی رۆژهەڵات و تاد).
لەزۆربەی داستانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداری کردووە وەک: (سەر ڕێگای کەرکوک–هەولێر، کەرکوک، شیوەسوور، تورکی، داستانی رزگاری، دۆڵی جافایەتی، دابان هەلاج... تاد).
لەژیانی پێشمەرگایەتیدا (5) جار برینداربووە.
لەراپەڕینی بەهاری 1991 دا بەشداربووە و دەوری هەبووەلەرزگاری کەرکوک ,شەوی 24 – 25 \12\1994 لە چیای سەفین شەهید کرا بەدەستی جەلادەکانی کوردستان.
سەری ڕێز دائەنوێنم بۆ شەهید ئاکۆ سور و سەرجەم شەهیدانی ی،ن،ک.

# شکۆ

## شیعری: شاخی


## بۆ پارتیزانی گەشمردە ئاکۆ سوور

ئەوسای بروسکەی هەواڵێ
گێڕامیەوە..
بۆ چەم ڕەزان و پشتی هەڵشۆ...
لە(سەربڕاو)..
بووم بە پەیکەر..
بووم بە (کێل) و بووم بە (گڵکۆ).
لە پاینی ئارامگاکەی (مەلائاراس)...
بووم بە زوخاڵ..
بووم بە پشکۆ
لەوساکەوە.. بەگەشمردەی وڵات
نەبێ..
بەکەس ناڵێم خاوەن شکۆ.
ئێستایش..
لەسای ساباتەکەی(مام احمد)
دۆش داماوم..
سەری ڕێزم دادەنوێنم
بۆ هەڵۆکانی (شێخ بزێنی)
بۆ شاهۆ بەرزە فڕەکە و
گیانی (ئاکۆ)

شەوگێر

# لە ئەرشیفی شۆڕشی نوێی کوردستانەوە





وێنەی (١)
هۆڵی خاڵە شەهاب - خرپی ناوزەنگ.
ئاوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵە
٢٠ بۆ ٢٦/٨/١٩٨٤
ئەوانەی لە وێنەکەدا دیارن /
- ئەوەی لەبەردەم تریبیونەکە قسە دەکات هەڤاڵ مام جەلالە
- ئەوانەی لە پشت مێزەکە دانیشتوون!
- دەوامکدارەکە م. جەمال تاهیرە (سەرکۆ)
- هی ناوەڕاست ئیبراهیم جەلالە
- هی ئەم سەرە جەبار فەرمانە

## کتێبی تۆری پەیوەندییەکانی پێشمەرگە لە شاخ

### دەمێک بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدەبێ باری سەرم بەفرە و کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری

پیرەمێرد




دواجارو دوای ماندوو بونێکی زۆر، لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی (کاک بەختیار مستەفا ئەمین و کاک خالید حسێن ئەحمەد)ەوە توانییان کتێبێکی مێژوویی دیکۆمێنتاری بخەینە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، کە پێک دێت لەسەرجەم ئەو بەڵگەو گفتوگۆیانەی لە نێوان ساڵانی 1988 تـا 1991 تۆمار کراون لەسەر کاغەز وەک بروسکە لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، لەنێوان هێزە پارتیزانەکان و سەرکردایەتی بەتایبەت هەردوو ڕەوانشاد مام جەلال و کاک نەوشیرواندا.

سەرجەم ئەو بەڵگانە تۆمارکراون کە باس لە ڕێکخستنەوەو خۆئامادەکردن دەکەن بۆ ڕاپەڕین، هەڵوێستی بزوتنەوەی شۆڕشی کورد لەمەڕ داگیرکردنی کویت لەمەڕ لێدانی عێراق، لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانی ، هەڵوێستی سەرجەم حیزبە کوردستانی یەکان، کێ لەگەڵ بووە و کێ دژ. هەڵوێستی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەتایبەت مام جەلال، کاک نەوشیروان، ملازم عمر.

بەڵگەکانی ڕاپەڕین و پاشان ئازاد کردنی کەرکوک و دیسان دەسکرانەوەی ڕژێم و دروست بوونی ڕەوە گششتگیرەکە، چۆنێتی خۆڕێکخستنەوە و بەرگری پاشان لەژێر گوشاری نێو دەوڵەتی گفتوگۆ. هەموو ئەم بەڵگانە لە دوو توێی کتێبێکی 1218 لاپەڕەییدا، بە هاوکاری دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان کەوتۆتە بەر دیدی خوێنەران. ئەم کتێبە دەکرێت ببێتە هەوێنی ماستەر و دکتۆرا بۆ هەر خوێندکارێک، کە بیەوێت ماستەر و دکتۆرا لەسەر ئەو مێژووە بنوسێت.

یەکێک لە بەشدارانی نووسینەوە و کۆکردنەوەی ئەم کتێبە کاک خالید حسێن ئەحمەد دەڵێت: وەک یەکەم ئەزمونم لەم بوارەدا، ڕەنگە هەڵە و کەموکوڕی لە کتێبەکەدا هەبێت، چونکە لەکۆی نزیکەی دەهەزار بەڵگە ئەوانەمان هەڵبژاردووە، کە پێویستە خەڵک بیبینێت و هەر بە دەماو دەم نەگوازرێتەوە.

یادنامە
بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.
YADNAMA
سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهاز)
E–mail : sarkawt_47@hotmail.com
سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن
HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703